هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٤٠) لە ٢٠١٩/١١/٢٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ژمارە (٤) بڕیاری ژمارە (١٤) لە ٢٠١٩/٨/٧ی ئەنجومەنی وەزیران (خاڵی سێیەم) لە ڕێکخستنەوەی شایستەی دارایی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥) لە ٢٠١٩/١١/٢٧، بڕیاردرا بە:

١. پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لە بەڕێزان وەزیرانی (دارایی و ئابووری، تەندروستی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ دیراسەکردنی پێشنیارەکانی بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ تۆمارکردنی نوێی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە لە نووسراوی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (٢٠٧) لە ٢٠١٩/١١/٥دا هاتووە، و دواتر دەرئەنجامەکەی بخەنەوە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

٢. پێویستە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەردەوام بن لەسەر پرۆسەی پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت کە تۆمارکراون لە خشتەکانی هاوکاری دارایی لە چوارچێوەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی و پێداچوونەوە بە بنەما و مەرج و پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بە جۆرێك ڕەچاوی شایستەبوون و کەم دەرامەتییان بکرێت و لە هەمان کاتیشدا ڕەچاوی ڕێژەی کەمئەندامبوون لە دەستنیشانکردنی بڕی هاوکارییە داراییەکە بکرێت.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران